# نامەی مەسعوود محەمەد بۆ مستەفا نەریمان

**د. ئازاد هیدایەت دەلۆ**
**(زانکۆی سۆران - کۆلێژی ئاداب)**

ئەم نامـەیەی خـوارەوە بریتـیـیـە لە نامـەی خـوا لێی خۆشبێ (مەسعوود محەمەد ١٩١٩ - ١/ ٤/ ٢٠٠٢) کەوا لە ساڵی ١٩٧٨ بۆ خوالێی خۆشبێ (مستـەفا نەریمان ١٩٢٥ - ٢٧/ ٥/ ١٩٩٤)ی ناردووەو تێیـدا داوای یارمـەتی لێ دەکات کـە کێشـەیەکی لەگەڵ (د. مـوکـەڕەم تاڵـەبانی) هەبووەو شکایەتی لێ کـردووە، شایانی باسە ئەو دوو زاتە (مستـەفا نەریمان و دوکتۆر موکەڕەم تاڵەبانی)ش هەردووکیان خەڵکی شارۆچکەی (کفری)ن.

ئەمەش دەقی نامەکەیە:

ماموّستا نەریمان ڕۆژباش

تکایە ئەم کاغەزە بە چاکی بخوێنەوە:

مـوکـەڕەم تاڵـەبانی شکاتی لێکردووم لای (مـجلس قیادة الثورة) گوایا من لە کتێبی (مرۆڤ و دەوروبەر)دا جنێوم بەو داوەو گـوتوومـە (بێ حورمـەت - کـە دەکـاتە عـدیم الاخـلاق ...) و لەسـەر (جـەلال تاڵـەبانی)م کـردۆتەوە.. هتـاد . شکایەتەکـە هاتووە بۆ (الهـیـئـة التـحـقـیـقـیـة المرکزیة) کـە عـائیـدی (مجلس قـیـادة الثورة)یە.. هەڵبەت چی دەڵێ درۆیە و بە هەیئەتم گوت شتی وەها نییە و ئیمرۆ کتێبەکەی (مرۆڤ و دەوروبەر)م بۆ بردن و پێم گوتن کە باشترین و بە شەرەفترین کەسێک بە ئەمانەت قسەکان بۆ عەرەبی تەرجەمە بکات مستەفا نەریمانە کە سیفەتی وەها و وەهایە... ئیتر ڕەنگە ئیمرۆ، یا وەخـتـێکی دیکە بە دواتدا بنێـرن بۆ تەرجـەمـەی قسـەکانی من. لێرە بەولاوە لزوم نییـە من هیچ بڵێم، باوەڕم پێت هەیە بە هەمـوو مـەعنایەک. جـەمـاعـەتی هەیئەی تەحقیقیش، بەتایبەتی سەرۆکیـان - تا بڵێی پیـاوی چاکن و بە ئینسـافن و ئەوپەڕی مـجـامـەلەم لێ دیتوون، ئیتر بە خوات دەسپێرم.

١٩٧٨/٤/٢٦

**برات**

**مەسعوود محەمەد**

